"جەمال خۆشنووس"

# ئەو کەسەی هەمیشە حەزی لەکارکردن بوو

**زریان ئیسماعیل**

مەخموور زۆر کەسی دیارو خۆنەویستو لێهاتووی لێ هەڵکەوتووە، بە هونەرمەندو سیاسەتمەدار پیاو ماقولو نووسەرو ئەدیبو دکتۆرو خۆشنووس، بەشێك لەوانەش لە ژیان نەماونو ماڵئاواییان لە دونیای فانی کردووە، دەنگی مەخموور بەئەرکی خۆی دەزانێت ئەو کەڵە پیاوانە لە یاد نەکاتو هەمیشە بەسەریان بکاتەوە، یەکێك لەو کەڵەپیاوانەش خۆشنووسو وێنەکێش (جەمال سابیر سەعید)ەو بە (جەمال خۆشنووس) ناسراوە، ئەگەرچی ئەو ئێستا لە ژیان نەماوەو ساڵانێکە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام هەوڵ دەدەین هەر چۆنێك بێت کەمێك خوێنەران بەژیانی ئەو هونەرمەندە ئاشنا بکەین. (جەمال) لە مانگی ئابی ١٩٥٩ لەدایکبووە، لە١٩٧٤/٤/١ لەسەرکاری سیاسی دەکەوێتە زیندانو لە ١٩٧٥/٥/٣ لە زیندان دێتە دەرەوەو دەست بەخوێندن دەکاتەوەو پەیمانگای تەندروستی لەموسڵ تەواو دەکات، دوای ئەوەی خوێندنی تەواو کرد، لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٧٩ ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێك پێکهێنا بەناوی (ژیان)و دوو کچی هەبوو بە ناوەکانی (شەیماو بەیدا) دوای مردنی منداڵێکی کوڕیان بوو ناویان نا (مەسعود)، ئێستا کوڕەکەی ژنی هێناوەو کچەکانی شوویان کردووە، هەروەك ماوەیەکیش لەگەڵ تیپی مۆسیقاش کاری کردووە.



(ئیدریس سابیر سەعید)ی برای (جەمال خۆشنووس) لەبارەی ژیانی براکەی دەڵێت: (جەمال) برا گەورەی من بووە، من لەوەتەی بیرم دێت دەستخەتی خۆش بووەو خۆشنووسی کردووە، وێنەکێشێکی باش بووەو وێنەی کێشاوە، زۆر جار بە منداڵی وێنەی بۆ دروست دەکردم لەدەفتەر وێنەکەمو زۆر باشەم پێ وەردەگرت، هەروەها کارەبا چییەکی باش بوو، خۆی فێری کارەبایی ببوو، کاری ئاسنگەریشی کردووە، بیرم دێت لای وەستا فوئادی وەستا هادی کەئێستا ئەویش لە ژیان نەماوەو شەهید بووە، لەهەموو کارێك شارەزاییەکی هەبوو، جگە لەمە بەخوێندنیش خەریك بووە، لەساڵی حەفتاکان گیرا لەسەر کاری رێکخستن، ئەوانەی لەگەڵی بوون دانیان نابوو لەسێدارە دران تەنیا جەمال نەبێت حوکمدراو دواتر بە لێبووردنی گشتی ئازادکرا، دوای ئەوەی لە زیندان دەرچوو دەستی بە خوێندن کردەوەو پەیمانگای تەندروستی موسڵی تەواو کرد، لە رێکەوتی ١٩٨٥/٤/٢٩ بووە بە یاریدەدەری پزیشکی لەمەخموور، تەنیا رۆژێك دوای دامەزرانی بە رووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەست دا، بەیانییەکەی لە نەخۆشخانە بوو دوای دەوام هاتەوە وتی "دەچمە هەولێر سەباحی ئەحمەدپیرداود تووشی رووداوی ئۆتومبێل بووە لەنەخۆشخانەیە دەچمە سەردانی"، من کاری ئاسنگەریم دەکرد لەبەرامبەر گەراجی مەخمووری ئەوکات بینیم سواری ئۆتومبێل بوو بۆ هەولێر رۆیشت، دوای نیو کاتژمێر هەواڵ هات وتیان ئۆتومبێلێك لە چوار رییانی دیبەگە دەعمی کردووە، خەڵك پرسیان چۆنەو چۆن بووە، دواتر یەکێك لەوێ وتی برای تۆش لەگەڵ رووداوەکە بووە، منیش هەر ئەو کات تەکسیەکم گرتو دایکمو مامۆژنم هەڵگرتو چووینە شوێنی رووداوەکە وتیان لەنەخۆشخانەی دیبەگەیە، چووینە نەخۆشخانە بە گۆرەوییەکەی ناسیمەوە لەناو پیکەبێك دانرا بوو، لەکاتی رووداوەکە پەڕیبوو سەری بەر شۆستە کەوتبوو تووشی خوێنبەربوون ببوو گیانی لەدەست دابوو، هەروەها ئەو دەڵێ "جەمالی برام مرۆڤێکی زۆر روح سووك بوو هەمیشە حەزی لەچاکەو پیاوەتی بوو، دوای ئەوەی لە زیندان هاتە دەرەوە بووە بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی عێراقی ئەوکات، ساڵێك بارانێکی زۆر باریو لافاو هات خەڵکێکی زۆر ماڵیان ژێر ئاو کەوت، ئەو خەڵکەی هەموو لە دواناوەندی مەخمووری کوڕان کە ئێستا (کاوەی ئاسنگەر)ە دانا تا بەیانی".

مام شاکر ئەحمەد پیرداود (هاوڕێیکی نزیکی ئەو خۆشنووسە بوو) باس لە ژیانی دەکاتو دەڵێت: من لەرێگای قوتابخانە ناسیم، من وازم لە خوێندن هێنا بەڵام ئەو خوێندنی تەواو کردو هەمیشە پەیوەندیمان هەبوو، کەسێکی زۆر لەسەرخۆ بوو، ئەو کاتی هەواڵی رووداوەکەمان پێ گەیشت نەك تەنها ئێمە بەڵکو هەموو مەخموور پێی سەرسام بوون، هەموو مەخموور خۆشی دەویست، ئەوەی زانی هاتە نەخۆشخانە تا تەرمەکەیمان هێنایەوە، خەڵکێکی زۆر پێی کاریگەر ببوو من هەر نەمتوانی بوەستم، خەڵك زۆر بۆی دەگریان لە گەنجو پیرو ژن.

# ئەی شارەکەم مەخموور



**عوسمان قادر عەلی**

گوڵی قەراج، شاری مەخموور، کوا ناتبینم مەسرووربی تۆ

لە چوار وەرزا، گزنگی خەم، دەگریٚ قوڕگی مەخمەری تۆ

زستان ساردی، هاوین گەرم، تەمەن کورتی پایز و بەهار

چ وەرزێکن لەم دەڤەرە لەسەر سینگی پاڵە و جوتیار!

دەردی ئێشت شکاندوویە جەستەی ماندووم عەیامێکە

ئاسمانی تۆ دەستی گرتووی روو لە نەهات چ ژانێکە!

چەن غەمبارە، جوتیاری تۆ، هەموو ساڵێ کە تۆ دەکا

ساڵی ناخۆش، ساڵی نەهات، بێ بارانی رووت تێ دەکا

زەمانێ بوو، دەغڵ و دان و ساڵی هاتت لە برِشت بوو

سینگی زەویت پڕ لەسەوزیو گیاو گوڵو گوڵی قشت بوو

پاڵەو جوتیار، دەست رەنگین بوون لەبڕینی وەردو شۆ بۆت

بەخەرماشەو سێ گاسنان، بە هەوجاڕی زوو دەکرا جۆت

بەسەرکردنەوەی کچە بەهرەمەندێك لەمەخموور

# "ئایە" گۆرانی دەڵێتو بەشداری شانۆش دەکات



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

ئایە ئەو کچە ژیکەڵەیە کە لەسەرجەم چالاکییە هونەرییەکانی پەروەردەی مەخموور بەشداری دەکاتو خاوەنی دەنگێکی ناسكو خۆشەو یەکێکە لەبەهرەمەندە سەرکەوتووەکانی چالاکی قوتابخانەکانی مەخموور.

ئایە عیماد جەمیل لەدایکبووی ساڵی (٢٠٠٠)ە، قوتابی پۆلی شەشەمە لەقوتابخانەی بازارگەی بنەرەتی، ماوەی چوار ساڵە بەشداری سەرجەم چالاکیە هونەرییەکانی پەروەردەی مەخموور لەسەرئاستی مەخموورو شارەکانی دیکە بەشدارە. باوکی ئایە (عیماد جەمیل) بەرپرسی چالاکی قوتابخانەکانە لەپەروەردەی مەخموور، بۆیە زۆر هاوکاری ئایە دەکات بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت لەبواری هونەریو ببێتە هونەرمەندێکی باش، هەربۆیە ئایە لەسەرجەم بۆنەو یادەکاندا وەکو گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش رۆڵێکی سەرەکی دەبینێتو جگە لەگۆرانی گوتن لەهەمانکاتدا حەز بەژەنینی ئامێری گیتار دەکات.

لەبارەی کارە هونەرییەکانی خۆی، ئایە دەڵێت "هەمووساڵێك بەشداری چالاکیە هونەرییەکان دەکەمو ئەمساڵیش لەفیستیڤاڵی هونەریو رۆشنبیری لەهەولێر توانیم خەڵاتی رێزلێنان وەربگرم"، هەروەها عیماد جەمیل باوکی ئایە، دەڵێت "ئایەی کچم جگە لەگۆرانی گوتن هەروەها لەبواری شانۆش بەشداری دەکاتو منیش تائەوپەری توانام هاوکاری دەکەم تابێتە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو"، گوتیشی "بەداخەوە لەمەخموور لەهەموو بوارەکانی هونەری رەگەزی مێینە زۆر بەکەمی بەرچاودەکەوێتو ئومێدەوارم باوکانو دایکان رێگری نەکەن لەمنداڵەکانیان بۆ ئەوەی بێنە ناو کاری هونەری".

جێگەی باسە (ئایە عیماد) حەز بەدەنگی گۆرانیبێژان (رۆزبێ و هانی) دەکاتو هەمیشە گوێیان لێدەگرێتو ئاواتەخوازیشە ببێتە هونەرمەندێکی دیارو سەرکەوتوو، ماوەتەوە بڵێین هەردوو هاوڕێی ئایە (شەیماو رەیان) زۆر سەرسامن بەدەنگی ئایەو هیوای سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ کچە هاوڕێیەکەیان دەخوازن.

# "ئەحمەد نەوزاد" ئەو بەهرەمەندەی هونەرە جوانەکان وەری ناگرێت

**زریان مەخمووری**

ئەحمەد نەوزاد عەبدوڵلا لەساڵی ١٩٩٤ لەشارۆچکەی مەخموور لەدایکبووە، قوتابی پۆلی چوارەمە لەدواناوەندی کاوەی ئاسنگەری کوڕان، هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە دەست بە وێنەکێشانو کاری دەستی دەکات، لەساڵی ٢٠٠٦ لەچالاکی قوتابخانەکان لەلایەن مامۆستا عیماد جەمیل بەهرەیەکی تری بەدیار دەکەوێت، ئەویش لێدانی ئامێری دەف بووە، هەروەك دەڵێت"سەرەتا بەئامێری دەف دەستم پێکردو لەو رووەش مامۆستا عیماد جەمیل هاندەری سەرەکیم بووە بۆ فێربوونی لێدانی دەف، هەندێ جار ئیقاعیش لێ دەدەم، ئەگەر لە ماڵەوەش کاتم هەبێت ئەوا پرۆڤە لەسەر شمشاڵ دەکەم، هەروەها حەزم لە ئامێری ڤیۆلاو کلارنێتە، جگە لەوەش بەردەوامم لە وێنەکێشانو کاری دەستی"، ئەحمەدی بەهرەدار لەچەندین چالاکی بەشداری کردووە، ساڵانە لەگەڵ هاوڕێکانی لەچالاکی قوتابخانەکان بۆ پەروەردەکانی هەرێم بەشداری دەکات، جگە لەمە لەچەند ئاهەنگێکی تیپی خونچەکانی مەخموورو گروپی گەنجان بەشداریکردووە، لەهەمان کاتدا بەشداری لەچەند پێشانگایەکی وێنەکێشان لە مەخموورو لەهەرێمیش بەشداریکردووە، ئەو جگە لەچالاکی قوتابخانەکان لەگروپی گەنجانی مەخمووریش وەك ئەندام لەگەڵ هونەرمەند (سالار نەورۆز) کاردەکات.



ئەحمەد نەوزاد لەبواری هونەر بەهرەمەندەو پێویستە دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکرێتو لە ناوەندێکی ئەکادیمی پەرە بەو بەهرەیەی خۆی بدات، ئەحمەد ئێستا پۆلی چوارەمی ئامادەییە لێمان پرسی بۆ لە دوای تەواوکردنی پۆلی سێیەمی ناوەندی نەچوویتە (پەیمانگای هونەرە جوانەکان) کەناوەندێکی ئەکادیمی هونەرییە، لە وەڵامدا وتی" بەڵێ چووم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکانو ناوم تۆمار کرد، بەڵام کاتێك ناوەکان دەرچوو ناوی منی تێدا نەبوو، ناوەکەم نەگەڕایەوە بۆ ئەوەی لە ناوەندێکی ئەکادیمی هونەری درێژە بە هونەر بدەم، بەڵام من دەست لەکاری هونەری بەرنادەمو ئێستاش بەردەوامم، لەگەڵ مامۆستاو هاوڕێیانم زۆرباشم لەکارەکان چالاکین، دوایین کاریشم ئەمساڵ کە بەشداریم لە فیستیڤاڵێك کرد، ئاستێکی باشمان پیشاندا، دەمەوێ لەکۆتاییش دەست خۆشی لەمامۆستا عیماد جەمیل بکەم کە هەمیشە ماندوو بووە لەگەڵم".

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کاوڕ | ئەوکەسەی هەڵتبژاردووە کەسێکی گونجاوە، ئاگاداری باری تەندروستیت بە، باوەر بەهەموو کەسێك مەکە چونکە خۆت شێوازی خۆتی. | شێر | ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشیەو مەهێڵە گرفتە بچووکەکان ببێتە کۆسپ بۆ ئەوەی بکەویت، بەچاوی خۆشەویستت هەڵمەخەڵەتێو بزانە لەدڵەوە چی هەیە. | کەوان | کەسێك هەیە تۆی خۆشدەوێ لەدوورەوە ئاگای لەتۆیە، سادە بە لەمامەڵەوگفتوگۆکردندا، هاورێکانت فەرامۆش مەکە چونکە تۆیان خۆشدەوێ |
| گا | ماوەیەکی زۆرە خەریکی خۆشەویستی ئێستاکاتێکی گونجاوە بۆدەربڕینی ئەوەی لەناختایە، کەسێکی سادەی لەخۆتەوە کێشە بۆهیچ کەسێك دروست مەکە. | گوڵەگەنم | ماوەیەکە هەست بەدڵ تەنگی دەکەیت ئەوەش زوو دەڕوات، رێگەی کەسی دیکە مەگرە، بەرەو چەند گۆڕانکاری دەچیت ئەمەش بۆ بواری سۆزداریت سوودی دەبێت. | گیسك | لەبواری خۆشەویستی هەنگاوێکی باشت ناوە، بەقوولی مەچوە نێوباسەکانت، هەنگاوبەهەنگاو بەرەو رووی خۆشەویستەکەت بەرەوە تاوەکو تەواو لەیەکتری دەگەن. |
| جمك | رێگەیەکی سادە هەڵبژێرە بۆقسەکردنت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، نهێنییەکانت لای هەموو کەسێك مەدرکێنەو، لەخۆتەوە قسە لەهەموو شتێك مەکە. | تەرازوو | هەندێ کات تەرخان بکە بۆ ئەوکەسەی کەخۆشت دەوێ، ماوەیەکە هەست بەتەنیایی دەکەی بۆیە خۆت لەوحاڵەتە دەربازبکە، ئاگات لەباری دارایت بێت. | گۆزە | مەهێڵە ناکۆکی بکەوێتە نێوان تۆو خۆشەویستەکەت، بەردەوام بەدوای زانستی نوێ بگەرێ چونکە چارەسەری کێشەی تۆ پێویستی بەیارمەتی زیاترە. |
| قرژاڵ | دوودڵی لەزۆر کار بۆیە هەردەم وادەزانی دونیا بەسەر پشتی تۆیە، هێمنو لەسەرخۆکارەکانت ئەنجام بدە، گومانت لەکەسێك نەبێت کە دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە. | دووپشك | خۆت ئازار مەدە بە قسەکانی دەوروبەر، پەشیمانی هیچ کات سوودی بۆت نابێت، رووبەرووی کێشەکانت ببەوە، باری سۆزداریت بەرەو باشی دەڕوات. | نەهەنگ | رووبەڕووی چەند گرفتێکی بچووك دەبیتەوە، مەهێڵە ببێتە هۆی رووخانت، کەسێکی سەرکەوتووی لەپەیوەندی بەستن ئەمەش بەهۆی زیرەکی خۆتە. |

لەسەر یاریگای نێودەولەتی هەلەبجەی شەهید

# یانەی وەرزشی مەخموور بووە پاڵەوانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان

**عەبدولرەحمان ئادەم**

**دوای مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یانەی وەرزشی مەخموور لەتۆپی پێ توانی لەناو یاریگای نێودەولەتی هەلەبجە سەرکەوتنێکی مەزن تۆماربکات‌و بەئەنجامی ٣-٢ گۆڵ لەیانەی هەلەبجە بباتەوەو جامی پاڵەوانێتیەکە بگەڕێنێتەوە مەخموور.**

لەرۆژی چوارشەمەی ٢٠١١/٦/٢٩ لەسەر یاریگای نێودەولەتی هەڵەبجەی شەهید کە بۆ یەکەم جار یاری لەسەر ئەنجامدرا لەیاری کۆتایی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان هەردوو یانەی هەڵەبجەو مەخموور بەیەك گەیشتن کە تێیدا جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بینینی ئەو یارییە ببوون، یانەی وەرزشی مەخموور لەتۆپی پێ توانی نازناوی خولەکە بۆخۆی دەستەبەربکات.

هەرچەند هەردوویانە سەرکەوتنیان مسۆگەر کردبوو بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان، بەڵام هەریانەیەك لەهەوڵدابوون نازناوی خولەکە بەپلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، بۆیە یانەی هەڵەبجە هەر لەسەرەتای یاری هەوڵی گۆڵ تۆمارکردنی داو یاریزانەکانیان لەناو یاریگا باشتر دەبینران‌و چەندین هێرشیان کردەسەر یانەی رکابەر، بەڵام لەهێرشێکی پێچەوانەوە لەخولەکی (٣٤) یاریزان (معەمەر ئەحمەد) بەلێدانی سەر گۆڵێکی جوانی بۆ یانەی مەخموور تۆمارکردو دوای دوو خولەك تیپی مەخموور گۆڵی دووەمی تۆمارکرد لەرێگای یاریزان (ئەیاد مەتەر)، یارییەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆنترۆڵ کرد، دواتر لەخولەکی (٣٩) گۆڵی سێیەمیان لەرێگای یاریزان (هندرێن رسول) تۆمارکرد، لەدوایدا تیپی مەخموور چەندین هێرشی مەترسیان کردەسەر گۆڵی تیپی هەڵەبجە، تا لەخولەکی (٤٤) یاریزان (هۆشمەند جەلال) توانی گۆڵی یەکەم بۆ تیپی هەڵەبجە تۆمار بکات‌و تایمی یەکەم بەئەنجامی (٣-١)گۆڵ تەواوبوو، پاشان لەتایمی دووەمی یاری یاریزانی هەڵەبجەی شەهید باڵادەستی خۆیان لەیاریگا نواندو بۆ تۆمارکردنی گۆڵ‌و گۆڕینی ئەنجامەکەو چەندین هێرشی مەترسیان کردەسەر گۆڵی یانەی مەخموور، بەڵام بەهۆی پەلەکردنی یاریزانان نەیانتوانی گۆڵ بکەن، لەبەرامبەردا یانەی مەخموور زیاتر لەسەر هێرشی پێچەوانەوە یاری دەکردو بەرگریان لەگۆڵی خۆیان دەکردو تاکو خولەکی (٨٢) یاریزان (بەهادین ئەحمەد) گۆڵی دووەمی بۆ یانەی هەڵەبجە تۆمارکرد هیوای بۆ یانەکەی گەڕاندەوە، بەڵام یاریزانەکانی سەرکەوتوو نەبوون بۆ تۆمار کردنی گۆڵی بەرامبەر دوای لەدەستدانی دوو هەلی ئاسان بۆ گۆڵ کردن، بەمجۆرە یارییەکە بەسەرکەوتنی یانەی مەخموور تەواوبوو.




لەکۆتایی یارییەکە لەلایەن بەرێزان قایمقامی هەڵەبجەوسەرۆك ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێ خەڵات بەسەر هەردوو یانە دابەشکرا، جێگەی باسە یارییەکە بەسەرکەوتوویی لەلایەن ناوبژیوانان بەرێوەچوو کە پێکهاتبوون لە (پێشەوا عوسمان باییز، تەلعەت سەعدولا، نوزاد محمد غریب، ئازاد حاتم) سەرپەرشتیار (کاروان حمە فرج).

**پێکهاتەی یانەی وەرزشی مەخموور بۆ خولی ئەمساڵ:**

(هێرش مەجید - ژمارە (٣٠) گۆلچی، جاسم محەمەد - ژمارە (٥)، خەلەف عەبد ئیبراهیم - ژمارە (١٣)، هەوار شەمسەدین - ژمارە (٣)- محەمەد سەدیق- ژمارە (١٥)، محەمەد حەیدەر-ژمارە (١٠)، هندرێن رەسول-ژمارە (٢٠)، عادل ئەحمەد-ژمارە (٢٣)، ئەیاد مەتەر- ژمارە (٨)، معەمەر ئەحمەد- ژمارە (١٨)، سالح ئەحمەد-ژمارە (١٤). نیاز سەدیق- ژمارە (٤٠) گۆلچی، سۆران رزگار- ژمارە (٤)، مەریوان سالم- ژمارە (٧)، بەشدار ئیسماعیل- ژمارە (٩)، زیاد سەعید- ژمارە (٢٥)، سدقی سەدیق- ژمارە (٢)، حوسێن ئیبراهیم- ژمارە (٢٢)، زانا سابیر- ژمارە (٦). **راهێنەری یانەی وەرزشی مەخموور: (بژار ئەکرەم)**

لەبارەی ئەو دەستکەوتە گەورەیەی یانەی وەرزشی مەخموورو چۆنیەتی بەدەستهێنانی خولی پلە دووی کوردستان، راهێنەر (بژار ئەکرەم) تایبەت بە رۆژنامەی دەنگی مەخموور، گوتی "سەرەتا هەندێك کۆسپ‌و تەگەرەمان هەبوو، بەتایبەتی یاریگا کە چیمەن رێژ نەبوو، یاریزانەکان نەیاندەتوانی بەباشی یاری بکەن، هەروەها دۆڕاندنی یاری دووەم کەکاریگەری هەبوو لەسەر دوورکەوتنەوەمان لەرکابەرییەکان، بەڵام دوای گواستنەوەی یارییەکان بۆهەولێر، توانیمان ئەنجامەکان بگۆڕین"، نبژار ئەکرەم گوتیشی "لەبەر ئەوەی یاریزانەکانمان یاری لەدوا یاری زیاتر خۆیان ماندوو دەکردو پلانەکانیان بەتەواوی جێبەجێ دەکردو ورەیان زۆر بەرز بوو، ئەمە بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی ئەم نازناوە".



دیمەنێك لەکاتی ئاهەنگ گێڕانی یاریزانانی یانەی مەخموور

## نامەی پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنی یانەی مەخموور بۆ خولی پلە یەکی کوردستان

بەبۆنەی سەرکەوتنی یانەی وەرزشی مەخموور بۆخولی پلە یەکی کوردستان، رۆژنامەی دەنگی مەخموور پیرۆزبایی خۆی ئاڕاستەی یەکە بەیەکەی یاریزانان‌و دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی مەخموورو تەواوی وەرزشدۆستانی دەڤەری مەخموور دەکات، هیواداریین لەخولی پلە یەکی کوردستان بەردەوام بێت لەسەرکەوتنەکانی‌و هەمیشە دڵی جەماوەری وەرزشی مەخموور خۆش بکات‌و لەسەرکەوتنەکانی بەردەوام بێت.

## نامەی پیرۆزبایی

یاریزانی پێشووی مەخموور (سەرباز هاوار دزەیی) نامەیەکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی یاریزانان‌و دەستەی کارگێری‌و جەماوەری وەرزشی مەخموور دەکات بەبۆنەی سەرکەوتنی یانەی وەرزشی مەخموور بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، هیواخوازە لەسەرکەوتنەکانیان بەردەوام بن‌و دەستکەوتی زیاتر بۆ وەرزشی مەخموور بەدەست بهێنن.



هاندەرێکی هەڵەبجەهانی مەخمور دەدات

## راهێنەر (بژار ئەکرەم) دەستکەوتێکی گەورەی بۆ یانەی مەخموور بەدەستهێنا

**دەنگی مەخموور**

بژار ئەکرەم راهێنەری یانەی وەرزشی مەخموور، بۆ وەرزی ئەمساڵ ئەرکی راهێنەرایەتی گرتە ئەستۆ، بەلێهاتوویی توانی یانەی وەرزشی مەخموور بگەیەنێتە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان‌و نازناوی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت‌و لەهەر یارییەك بەشێوەیەك یاری بکات‌و ئەنجامەکان مسۆگەر بکات.

راستە دەوترێت "گێمی دووەمی یاری تۆپی پێ، گێمی راهێنەرانە"، بژار ئەکرەمی راهێنەریش توانی لە سێ یاری بەلێهاتوویی توانی ئەوە بسەلمێنێت، بەتایبەت لەیاری سێیەمی یانەی وەرزشی مەخموور لەگەڵ یانەی کەیوانی کەرکوك، کاتێك یانەی وەرزشی کەیوان لەگێمی یەکەم بەسێ گۆڵی بێبەرامبەر پێشکەوتن، بەڵام یانەی مەخموور لەگێمی دووەم توانی چوار گۆڵ لەسەر یەك تۆمار بکات‌و یارییەکە بباتەوە، هەروەها لەیاری نێوان مەخمووورو پیشەسازیش توانی لەگێمی دووەم گۆڵی سەرکەوتن تۆمار بکات، هەروەها لەیارییەکی تر لەگەڵ یانەی کفری دوای یانەی بەرامبەر لەگێمی یەکەم بەگۆڵێك پێشکەوت، یانەی مەخموور لەسەر دەستی ئەو راهێنەرە توانی چوار گۆڵ تۆمار بکات.

هیوای سەرکەوتن بۆ راهێنەر بژار ئەکرەم دەخوازین.



## با هەموومان پشتگیری یانەی مەخموور بکەین



**عەبدولرەحمان ئادەم**

دوای بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان‌و سەرکەوتنی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان یانەی مەخموور توانی دەستکەوتێکی گرنگ تۆماربکات‌و دڵی جەماوەرو هەوادارانی وەرزشی دەڤەری مەخموور خۆش بکات.

بێگومان ئەم دەستکەوتەش هەروا بەئاسانی نەهاتەدی، بەڵکو بەهەوڵ‌و ماندووبوونی لێهاتووی راهێنەرو یاریزانەکان‌و پاڵپشتی دەستەی کارگێری یانەو خەمخۆران‌و جەماوەری وەرزشی هاتەدی. سەرەڕای چەندین کۆسپ‌و کەمی دارایی‌و نەبوونی یاریگای گونجاو بۆ ئەنجامدانی یارییەکان کە لەکۆی ١٠ یاری تەنها ٢ یاری لەیاریگای مەخموور ئەنجامدرا. جێگای دەستخۆشییە بەم هەموو کەموکوڕیانەو نەبوونی دارایی پێویست‌و نەگونجانی یاریگاو کێشەی دوو ئیداری ئەم دەڤەرە کە کاریگەری لەسەر وەرزش‌و هەموو بوارەکانی دیکەی ئەم ناوچەیەی هەیە، بەڵام یانەی وەرزشی مەخموور توانی هەبوونی خۆی بسەلمێنێ لەناو یانەکانی دیکەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەگەر بەراورد بکەین دەڤەری مەخمور جیاوازییەکی زۆری هەیە چ لەرووی ژێرخانی وەرزشی‌و خزمەتگوزاری‌و هەل کار بۆهاوڵاتیان تارادەیەکی زۆر فەرامۆشکراوە.

بۆیە ئەرکی یانەی مەخموور زۆر قورستر دەبێت لەخولی پلە یەکی کوردستان لەبەرئەوەی ژمارەی یارییەکان زیاتر دەبێت‌و لەرووی داراییەوە پێویستیان زیاتر دەبێت‌و ئاستی خولەکەش بەهێزترەو چەندین یانەی بەهێزی وەك دهۆك‌و سیروانی نوێ‌و چەندین یانەی دیکە، لەلایەکی ترەوە نەبوونی یاریگایەکی چیمەن ئەویش دەبێتە کێشەیەکی سەرەکی بۆ بەرێوەچوونی یارییەکان.

لەکۆتاییدا پێویستە لەسەر هەموولایەك پاڵپشتی‌و پشتگیری ئەم یانەیە بکەین، بەتایبەتی بەرپرسانی حکومی‌و وەرزشی ئەم دەڤەرە کارئاسانی‌و دابینکردنی پێداویستیەکانی ئەم یانەیە دابین بکەن لەسەرووی هەموویان دابینکردنی یاریگایەکی تایبەتی شیاو بۆ بەرێوەچوونی یارییەکانی خولی پلەیەك کە ئەوەش داواکاری هەموو وەرزشوانانەو هەروەها سەرمایەدارەکانی ئەم ناوچەیە دەبێت رۆڵیان هەبێت لەیارمەتیدانی ئەم یانەیە بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر پێی خۆی رابوەستێت‌و درێژە بەسەرکەوتنەکانی بدات.

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥ ٥٤٦٣
makhmur@yahoo.com


بەختیار محەمەد
سەرنووسەر


عەبدولرەحمان ئادەم
دەستەی نووسەران


خەلیل پالآنی
دەستەی نووسەران


کارزان غەمگین
دەستەی نووسەران


جەلال خەیلانی
پەیامنێر

ناونیشان
کوردستان - هەولێر
مەخموور